# عەزیای ناو سەندووقەکە

نووسینی : م . جین کرایك
وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە : ماهر وسمان خۆشناو

**«چیرۆکێکی یەکجار کورتی کوڕێکی یەکجار بچووك کە خاوەنی نهێنی‌یەکی یەکجار نهێنی بوو »**

ئێوارەیەکی سێ‌شەممە، دایکی ماثیۆ کاتژمێرێکی ڕەنگداری کڕی. گەیشتە ماڵەوەو کاتژمێرەکەی ناو سەندووقەکەی دەرهێناو بەدیوارێکەوە هەڵی واسی . ماثێو ـ کوڕە بچکۆلەکەی ـ داوای لە دایکی کرد سەندووقە بەتاڵەکەی بداتێ . دایکە دڵی نەشکاندو لێی پرسی :

**ـ ئایا ئەتەوێ چی لێ بکەی.**

**ـ شتێك، دایەگیان ..**

ڕۆژی چوارشەممە دایکە بینی ماثیۆ سەندووقەکەی داخستوەو گۆشەکانی بەجەوی‌و کەتیرە پێکەوە نووساندوە . ئەمەی سەرنجی دایکی ڕاکێشا ئەوە بوو ماثیۆ بۆ هەر شوێنێ دەچوو یاخو هەر شتێکی دەکرد سەندووقەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد تەنانەت کاتی خەوتنیش لای سەرینەکەی خۆی دای دەنا . دایکی لێی پرسی .

**ـ کوڕی شیرینم .. تۆ پێم ناڵێی چیت خستۆتە نێو ئەو سەندووقە؟**

**ـ دایە گیان ، هێلکە عەزیای تیایە .**

**ـ بەڕاستیتە کوڕم!**
**بەڵێ دایە .**

ئەمەی ووت‌و کەوتە خەوێکی شیرین .

ڕۆژی پێنج شەممە، کاتی نان خواردنی بەیانی ـ باوکی لێی پرسی :

ـ ڕۆڵە هێلکە عەزیاکە دەبێ ئیمڕۆ چی بکا؟

ـ باوکە گیان، هێلکە چۆن دەتوانێ شتێ بکا؟ ئەو شتەی لەناو هێلکەکەدایە چاوەڕوانی ئەوە دەکا کاتی خۆی بێ‌و بێتە دەرێ .

نیوەڕۆ، کاتێ کەبرا گەورەکەی لە قوتابخانە گەڕایەوە لێی پرسی :

ـ ماثیو ـ بیستوومە هێلکە عەزیایەکت هەیە لە ناو سەندووقەکەتدا دات ناوە!

خوشکەکەی لێی پرسی :

دەپێمان بڵێ بزانین ئەو هێلکەیە چۆن گەیشتە نێو سەندووقەکەت؟

ماثیۆ وەڵامی دانەوەو ووتی :

ـ دایکە عەزیاکە خۆی هێلکەکەی لە ناو ئەم سەندووقەدا دانا پێش ئەوەی!!!

براکەی پرسی :

ـ پێش ئەوەی چی ماثیۆ؟ .. مەبەستت چیە؟

ـ پێش ئەوەی بە جەوی‌و کەتیرە سەندووقەکە دابخەم .

ئینجا دەستی دایە سەندووقەکەو ژوورەکەی خۆی جێ هێشت . بۆ ئێوارە باوکی ویستی بزانێ چۆن هەوا دەچێتە نێو سەندووقەکە کە لە هەر شەش لاوە بەسترا بێ ...

**ـ بابە گیان ئێستا هەوای پێویست نیە؟ کەی لە نێو هێلکەکە هاتە دەرێ ئەو کات هەوای پێویست دەبێ . ئەم جارەیان ـ بێ ئەوەی گاڵتەی بەقسەکانی بێ ـ خوشکەکەی پێی ووت :**

**ـ ڕاست دەکەی .. بەڵام چۆن دەزانی لە هێلکە دێتە دەرێ‌و کەی؟**

**ـ پێویست ناکا من بزانم .. فەرخـە عەزیـاکە خۆی دەیزانێ ...**

ڕۆژی هـەینی کـە مـاتیۆ بۆ نـان خـواردن هـاتو سـەندووقەکەی لەسـەر مێزەکە دانـا. کە دایکو باوکو براو خوشکانی ماتیۆ بینیان کونێکی بچکۆلە لە یەکێك لە گۆشـەکانی سـەندووقەکە کراوەتەوە . کەس پرسیاری لێ نەکرد ماتیۆ لە خۆیە هەڵی دایەو ووتی :

ـ دوێنێ شـەو درەنگ فەرخە عەزیاکە لە هێلکەکە هاتە دەرێ. .. نێرەش بوو ..

دایکی پرسی :

ـ جا چۆنت زانی؟ وەك بڵێی گوێت لێ بووە؟

ـ نەخێر ... زۆر بەهێمنی هاتە دەرەوە. بەڵام من زانیم وەختی خۆیەتی بۆیە ئەم کونەم بۆی لە سـەندووقەکە کردەوە .

خوشکەکەی ووتی :

ـ کەواتە ئێـستا دەتـوانی لە کونەکەوە سـەیری بکەی تاکو بزانی چۆنە؟

ـ دەزانم چۆنە بێ ئەوەی سـەیری بکەم . هەر لە فەرخە عەزیا دەکا .. بەڵام ئەو حـەز ناکا کەس سـەیری بکا .. دەیەوێ بەتەنیا بێو کەس بێزاری نەکا ..! ڕۆژیشەممە. ئێوارەیەکی درەنگ براکەی لێی پرسی :

**ـ ئەرێ ماتیۆ هیچ سەیرت نەکردوە؟**

**ـ بەڵێ .**

**ـ چۆنە؟**

**ـ لەبەر ئەوەی کونەکە گەڵی بچوكو نێو سەندووقەکەیش تاریکە بۆیە وەکو من بزانم ڕەنگی پەمەیی‌یەو دوو باڵەکەیشی نەرمو زێرینن .**

**ـ باشە بۆ کونەکە گەورە ناکەی تاکو بەجوانی سەیری بکەی؟**

**ـ نەخێر پێویستە ژوورەکەی تاریك بێت ..**

دایکی ووتی :

ماتیۆ. کەواتە چۆن دەزانی وایە؟ .

ـ دایە گیان ئەوەی ڕاستی بێت عـەزیاکان هەموویان وان . ڕۆژی یەکشـەممە ماتیۆ بەخوشکەکەی ووت :

ـ ناوم لێنا «ئێمیلین» .

ـ ئەم ناوە ناوی کچەو کەچی تۆ ئەڵێی فەرخە عەزیاکە نێرە!

ـ بەڵێ ڕاست دەکەی بـەڵام دایکەکەی لە (چین)ەوە هاتووەو خەڵکی ئەوێ‌بەو عەزیا نێرەکانی وڵاتی چینیش حەز دەکەن ناوی کچیان لێ بنێن .

ـ ئایا دەتوانم سـەیری بکەم؟

ـ نەخێر .. ئێمیلین زۆر شەرمنە بەدووریشی مەزانـە زوێر بێت .

ـ ئەی بۆ شـەرم لەتۆ ناکا؟

ـ چونکە من دەناسێ .

ڕۆژی دووشـەممە باوکی لێی پرسی :

ـ ڕۆڵە تۆ چ خواردنێکی دەدەیتێ ؟

ـ بابە گیان عەزیا لە کاتی بچووکی پێویـستی بە خواردن نیە تا باڵەکانی بەهێز دەبن .

کە ڕۆژی سێشـەممـە داهـاتەوە، ماتیۆ هاتە ژووری خواردن بەڵام سـەندووقەکەی پێ نەبوو . کەسیش پر سـیاری لێ نەکردو ئەویش هیچی نەووت .

شـەو کە دایکی چوو شـوێنی خەوتنی بۆ ڕێك بکـات سـەیری کرد مـاتیۆ یاری لەگـەل کەلا شووشـەکانی دەکاو سـەندووقەکەی لەسـەر زەوی کەوتوەو سـەرەکەی دانەخرابوەو لێی پرسـی[1]

ـ دەڵێی فەرخە عەزیاکەت ڕۆیشتووە؟

ماتیۆ خەریکی کەلا شـووشـەکان بوو لە ناو جـانتاکەی دەری دەهێنان، وەڵامی دایەوەو ووتی :

ـ دوێنێ شـەو، ئێمیلین زۆر گەورە بوو .. باڵەکانی بەهێز بوونو فڕی .

ـ بۆکوێ؟

ـ بۆلای عەزیا گەورەکان .. ئەم سـەندووقەش بۆئەوە چاکە کەلا شـووشـەکانی تێ کەم. وانیە دایە گیان؟ ...

**پەراوێز**

١ ـ عەزیـا : ئەژدیهـا .

**سەرچاوە :**

Readers Digest July 1962.